www.kurdistannet.org
28-9-2006 15:31 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئەوانەی تورکیایان کردۆتە کەڵەگا بەسەر خۆیانەوە ... کاوە ئەمین

هەموو بەهارێک، دەوڵەتی کۆڵۆنیالیستی تورکیا و سووپا بودەڵەکەی خۆیان گیف دەکەنەوە و وەکو پاڵەوانی چیرۆکەکانی عەزیز نەسین، خۆیان و وڵاتەکەیان دەکەنە گاڵتە جاڕیی دنیا. ماوەیەکی زۆر خۆیان بەوە دڵخۆش دەکەن کە لەم بەهارەدا بۆ یەکجاری، پارتی کرێکارانی کوردستان، لە ڕەگو ڕیشەوە دەردەهێنن و ئیتر تورکیا دەبێتە وڵاتی خەونەکان وەکو چۆن گەرەکێک لە هەولێر بووتە شاری خەونەکان. ئەوە بۆ بیستودوو بەهار دەچێت، نەک (پ. ک. ک) لەناو نەچووە بەڵکو ساڵ بە ساڵ بەهێزتر دەبێت لە هەموو بوارەکاندا، ڕاگەیاندن، ئابووری، سەربازی و کولتووری. دیارە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە گەلێکی تینوو بە ئازادی و سەرفرازیی بڕیاری خۆی داوە، یان سەرکەوتن یان سەرکەوتن، ئەمەش دروشمێکە نەک لە شاخ بەڵکو لە دیاربەکر و ئەستەنبوڵ ڕۆژانە دەوترێتەوە، ئەوەی کە دنیای کەڕو کاس نایبیستێ موشکیلەی خۆیانە، چش با هەر بڵێن کورد تیرۆریستە، مەگەر بە عەرەفاتیشیان نەدەوت تیرۆریست، لای ئەوان هەرکەس لەبەرژەوەندی ئەواندا نەبێت و کۆیلەیان نەبێت تیرۆریستە.

ئەوەی کە جێگای تێڕوانین و بیرکردنەوەیە و هەمانکات خەجاڵەتیشە ئەوەیە کە هەندێک کوردی بەکرێگیراو کە دەمیان و ڕەنگە شوێنی تریشیان لەلایەن داگیرکەرانەوە چەور کرابێت و تووتی ئاسا دەڵێن (پ. ک. ک) تیرۆریستە. یەکێک لەو کەسانە ئەفەندییەکی دابەستەیە بەناوی (سیامەند بەنا) کە کوردە و سەفیری دەوڵەتی داگیرکەری عێراقە لە هۆڵەندا، لە کاتێکدا ئەم شەکرە دەشکێنێت کە دەوڵەتی عێراق واتە مالیکی و پیاوەکانی بە کورد و شیعە و سوونەوە، دەیانەوێت پارتی کرێکارانی کوردستان وەکو ڕێکخراوێکی تیرۆریست لەقەڵەم بدەن و بەربەست بخەنە بەردەم چالاکیەکانی، ئەمە لە کاتێکدایە کە مالکی پلانی ئاشتەوانی عێراقی داڕشتووە و ئامادەیە لەگەڵ ئەوانەی کە ڕۆژانە سەریی عەلی و عومەرەکانی ئەو وڵاتە دەبڕن ئاشتبێتەوە و بەناکانیش وەکو سەگی پێ سووتاو کلکە سووتەکێیان بۆ دەکەن. ئەمە لە کاتێکدایە کە وەفدێکی تورکی قەشمەری بە نوێنەرێکی کورد دەکات لە کەرکووک و پێی دەڵێن ئەو (نەخشەی کوردستانەی) ی کە دروستان کردووە هەڵەیە و ئەگەر بتانەوێت خۆمان نەخشەیەکتان بۆ دروست دەکەین! ئەمە لە کاتێکدایە کە نوێنەری سونەکان لە پەرلەمانی عێراقدا، سووکایەتی بە کورد دەکەن و کاک فوئاد مەعسوم دەڵێت: ئەگەر هەر خاڵێکی دەستووری کوردستان پێچەوانەی دەستووری عێراق بێت تورپی دەدەین و پەرلەمانتارە کوردەکانی تریش بەبێ دەنگییان نیشانەی ڕەزامەندی بۆ دەردەبڕن. باشە پیاوێک یان ژنێکی کورد نییە لەو پەرلەمانتارانە ڕووی دەمی بکاتە سوونە و شیعە و ئەو کوردانەی کە دەمیان بۆگەنی کردووە و دوو قسە ناکەن پێیان بڵێت: سەرتان دای لەبەرد، کەرکووک دەبێت بە دوا بەردییەوە لە نێو نەخشەی کوردستاندا بێت، ئێوە سەدان ساڵە بە ناوی ئیسلام و عرووبەوە کوردستان تەعریب و ئەنفال دەکەن! ئەی ئێوە وەڵامتان بۆ ئەو کوردە ساویلکانەی کە دەنگیان بە ئێوەدا، چییە؟ ئەوە نییە کاک فەلەکەدین، پەشیمانە، پەشیمانە لەوەی کە بەدەستی خۆی کاسە ژەهرەکەی نا بەسەرییەوەو هەڵی قوراند، بەڵام ئەو دەزانێت ئەو ژەهرەی بەزانابوونەوە هەڵیقوراندوە، گوناهی خۆیەتی، بۆیە هەر هیچ نەبێت وەکو پیاو وتی: پەشیمانم! ئەگەرچی ئەوە تەنها سووککردنی ئەو ئازارە دەروونییەتی کە نایەڵێت بەشەویش خەوی لێبکەوێت، ئاخر ئەو دوا تاڵەکانی سمێل و ڕیشی خۆی لە پێشمەرگایەتیدا سپی کرد، بەڵام ئێستا کۆنە بەعسییەک ڕاوێژکارییەتی و پلانی ڕۆشنبیریی بۆ دادەنێت! ئەمەیان نەک پەشیمانی بەڵکو تەشتێک قوری سەر گۆڕی شەهیدێکی دەوێت، من دەڵێم با بچێتە سەر گۆڕی شەهیدی نەمر (فەریدوونی مامە عەبە) کە لە خواکوورک شەهید بوو، ئاخر نازانم چۆن ئەو دیمەنەی لەبیر دەچێتەوە، شێرکۆ بێکەس

دەتوت ئەو شیعرەی بۆ فەریدوون نووسیوە " دوو دەستی شۆڕ بەرەو زەوی، هۆ بنچکی قژ خۆڵاوی، دەوریابە لێی نەکەوی"، ئەو کاتە کاک فەلەکەدین پێشمەرگە بوو و ڕاوێشکارەکەی ئێستاشی بە پێشمەرگەی دەوت: یاخی، عوسات، چەتەو بە سەددامی دەوت: بابە سەددام، هەروەک چۆن ئێستا بە گریلاکانی پکک دەڵێن تیرۆریست. مەگەر دونیا سۆفیگەراکەی کاک فەلەکەدیین بتوانێت ئەم هاوکێشەیە حەل کات.

تورکیا بە هیچ شتێکی کورد ڕازیی نابێت، تەنانەت چاویان بە کتێبێکی کوردیی هەڵنایەت کە بە کوردی نووسرابێت، ئەواتا لە کاتێکدا کە پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی داوای شەڕ ڕاگرتن لە (پ.ک.ک) دەکات، ڕۆژێک دوای ئەوە (٩/١٢)، هاتن چەندین منداڵ و ژنی کوردیان لە دیاربەکرد تیرۆر کرد، ئەوەتا سەرۆکی پەنجاوشەش شارەوانی کوردستان تەنها لەبەر ئەوەی وتویانە با (ڕۆژ تیڤی) دانەخرێت، دادگایی دەکرێن و داوا دەکرێت پانزدە ساڵ حوکم بدرێن، تورکەکانی دانیشتووی وڵاتی سوێد، کچە ڕۆژنامەنووسێکی کورد دەدەنە دادگا تەنها لەبەر ئەوەی کە وتارێکی لەسەر کورد نووسیوە و گوایە سووکایەتی بە ئەتاتوورک کردووە، ئەگەر تاوانەکانی دەوڵەتی تورکیا لەیەک مانگدا کە دەرهەق بە کورد و زمان و کوتووری کوردیی دەکرێت، بنووسمەوە، دوو سەفیری عێراقی دەوێت کە هەفتەیەک کاتی خۆیانی بۆ تەرخان کەن تا بینووسنەوە.

گەلی کورد نابێت چیتر ڕێگا بەوانە بدات کە بەناوی کوردەوە سووکایەتی بە هەموو پیرۆزییەکی کوردەوە دەکەن، ئەوانەی کە بە هەر ڕێکخراوێکی کوردیی یان هی نەتەوەکانی تر کە بۆ ئازادی تێدەکۆشن، دەڵێن تیرۆریست دەبێت ریسوا بکرێن، جا کێ دەبن با ببن، بە تایبەتی ئەوانەی کە لە سەفارەتەکانی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان بە عێراقیشەوە، کار دەکەن.

هەمیشە داگیرکەر تیرۆریست بووە، نەک گەلێکی داگیرکراو ئەنفال کراوی وەکو کورد. دڵنیام ڕۆژێک دێت، فایلی ئەوانەی کاریان بۆ دەوڵەتی تورکیا کردووە ببێتە مانشێتی ڕۆژنامەکان، تۆ بڵێی ئەو کاتە بڵێن بە ئاگاداری (پ. ک. ک) ئەو کارەمان کردووە، هەروەک سیخوڕەکانی ئێستا، کە هەموویان بە ئاگادری کاک فلان و کاک فیسار، ئەو کارەیان کردووە و نەک پەشیمان نین، بەڵکو هەیانە شانازیشی پێوە دەکات و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، هەمە کارەیە؟

تێبینی: ماوەیەک پێش ئێستا، وتەبێژی سەرۆکی کوردستان لە ڕوونکردنەوەیەکد وتی: نابێت بزووتنەوەی ئازادیخوازی باکوور بە تیرۆریست لە قەڵەم بدرێت. دەبێت ئەو بەرپرسە گومانلێکراوانەی کە دژی ئەم بیروبۆچوونە قسە دەکەن، لێپرسیەوەیان لەگەڵ، بکرێت، ئەمە دژی بەرژەوەندییەکانی کورد و یەکیەتی نەتەوەیی کوردە، چونکە وەک دەڵێن: ماڵ خۆی لە خۆیدا نەبوو، میوانیش ڕووی تێکرد.